# پەرلەمانی کوردستان نە باوەری بە مافی ژنان هەیە،نەباوەری بە حکومەتی مەدەنی و دەیموکراسی هەیە، تەنها وەکو تووتی فێرکراوە بیلێتەوە بۆ فریودانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان.

سەرەرای ئەوەی کە هێشتا ئایندەی سیاسی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی رۆشن نیە،بەلام بەپێی تەجروبەی هەقدە سال لە دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان،نەک بەتەنها چارەنوسی ژنان بەلکو کۆمەلگای کوردستان لەبەردەم مەترسی و ئالوگۆرێکی گەورەدایە.دەبینین هەرچەند حکومەتی ناوەندی بەهێزتردەبێت و عێراق ئەمن و ئاسایش پەیدا دەکاتەوە ئەوەندەش دەسەلاتی سیاسی یەکێتی و پارتی و پەرلەمانی کوردستان لاواز دەبێت و دەسەلاتیان کەم دەبێتەوە. بەتایبەتی پاش ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکاو حکومەتی عێراق هەرەشەکانی مالکی سەبارەت بەچوارچێوەی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبیستین،سەرانی کورد نەک جوابێکی دورستی ئەو هەرەشانە نادەنەوە بەلکو لە میدیاکانیان دەیانەوێ بە مالکی رابگەیێنن ئەوانیش ئەو سیاسەتە بەرێوە دەبەن کە حکومەتی عێراق دیاری کردوە، یاسای باری کەسیەتی و پەسەند کردنی بریاری قرە ژنی لە ژێرناوی کۆمەلگای ئێمە کۆمەلگایەکی ئیسلامیە! بەشی سەرەکی پەسەند کردنی ئەم یاسایە دلنیا کردنی حکومەتی عێراقە لە بەرامبەر جولانەوەی بە دیموکراسی و مەدەنی کردنی کۆمەلگای کوردستان، دەیانەوێ بە حکومەتی عێراق نیشان بدەن کە رێگا بە هیچ داواکاریەکی ئازادیخوازانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان نادەن.

مێژووی هەقدە سالی رابردووی دەسەلاتی سیاسی یەکێتی و پارتی و پەرلەمانی کوردستان خەریکە کۆتای پێدێت و قۆناغێکی تازە لەدەسەلاتی ئەو دوو حیزبە دەست پێدەکاتەوە. قۆناغی رابردوو پربوو لە ململانێ سیاسی و ئابووری نێوان حیزبە سیاسیەکان بەتایبەتی یەکێتی و پارتی و هێزە ئیسلامیەکان لەلایەک و کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەلایەکی تر.سەرەکی ترین هەولکانی حیزبە ناسیۆنالیست و مەزهەبیەکان لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندی لە کاتی رژێمی بەعسەوە تاکو ئێستاش لەسەر دەسەلاتی سیاسی و شەریک بوون لەدەسەلاتی سیاسی و ئابووری بووە، لەهەرێمی کوردستانیش لە هەولی بەدەستەوە گرتن و تالان کردنی سەروەت و سامانی ئەو ناوچەیە و پێشیلکردنی مافە سەرەتاییەکانی کۆمەلانی خەلک کوردستان بوونە.

ئەگەر سەیری مێژووی هەقدە سالی رابردووی هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان بکەین شەری ناوەخۆ و بەکوشتدانی هەزاران ژن و پیاو لاو پیری بێتاوان و دابش کردنی پەرلەمانی پەنجا بە پەنجا و دەست راکێشانی وولاتانی کۆنەپەرستی وەکو تورکیا و ئێران بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە دژی یەکتری و کردنەوەی مزگەوت و تەکیەو کۆکردنەوەی شێخ و مەلاکان و گەشەدان بە

کۆنەپەرستی و فەرهەنگی دواکەوتووانە بووە، لە لایەکی ترەوە رێگری زۆریان دورست کردوە لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەو بە مەدەنی کردنی کۆمەلگای کوردستان وەک جولانەوەی لاوان و ژنان و کرێکاران یەکسانیخوازان. بێئومێد کردنی لاوان ژنان و تیترۆ و کوشتنی هەلسوراوان و رابەرانی ئەو بزوتنەوونە کارێکیتری ئەو هێزە کۆنەپەرستانە بووە.
بەلام خەبات و تێکۆشانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەتایبەتی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێش بۆ بەدەست هێنانی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان جیاوزی ریشەیی هەیە،هەر سەبارەت بە نەمانی ستەمی نەتەوایەتی، رزگار بوون لە ژێر رژیمی دیکتاتۆری، ئازادی بەیان و رادەربرین، نەهێشتنی هەژاری و بێکاری، یەکسانی ژن و پیاو، دابین کردنی خزمەت گوزاریەکان،بەخۆرای کردنی خوێندن و نەخۆشخانەو داو دەرمان.....هتد.
ئەگەر چی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی یەکێتی و پارتی توانیان بۆ ماوەی هەڤدە سال لەژێر ناوی حکومەتی تازەو ساوا خەلکی کوردستان لە چاوەروانی بهێلنەوە دەسەلاتی خۆیان بەهێز بکەن، هەروەها توانیویانە کەلک لەو نارەزایەتی و داواکاریانەی خەلکی کوردستان وەربگرن و وەکو وەرەقەیەک لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی و دەولەتانی دراوسێ بەکاری بهێنن و داواکاری و نارەزایەتەکانی خەلکی کوردستانیش پێ خامۆش بکەنەوە.
بەلام چیتر پەرلامانی کوردستان ناتوانێ وەکو دەورەی رابردوو درێژە بە سیاسەتی دوو روانەی خۆی لە بەرامبەر کۆمەلانی خەلکی کوردستان درێژە پێ بدات. ماهیەت و ناوەرۆکی سیاسی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆمەلانی کرێکار و خەلکی زەحمەتکێش ئاشکرابووە کە پەرلەمانی کوردستان نە باوەری بە مافی ژنان هەیە،نەباوەری بە حکومەتی مەدەنی و دیموکراسی هەیە، تەنها وەکو تووتی فێرکراوە بیلێتەوە بۆ فریودانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان. ئێستا پەرلەمانی کوردستان زۆر بە ئاشکراو رۆشن لە بەرامبەر بزوتنەوەی ئازادیخوازی و بە مەدەنی کردنی کۆمەلگای کوردستان رادەوەستێتەوەو پێشی پێدەگرێت،دیارە بە هیچ شێوەیەک کۆمەلگای مەدەنی و دیموکراسی لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان و ئەو حیزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیانە دانیە بۆیە دەیانەوێ بەهەر جۆرێک بێت پێش بەو بزووتنەوەیە بگرن. هەر ئەوەش لە داهاتوو دەبێتە سیاسەت و ستراتیجی ئەو حیزبانە و کاری لەسەر دەکەن، ئەگەر تاکو ئێستا بە ئاشکراو بێ پەردە رایان نەگەیاندوە کە باوەریان بە مافەکانی خەلکی کوردستان نیە و داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێ ناکەن ئەوە لەبەر لاوازی و بێتوانای و ناکۆکی نێوان خۆیان بووە.
دەورەی داهاتوو لە خەبات و ململانێ سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی نێوان حیزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان لە لایەکو کۆمەلانی خەلکی کریکار و زەحمەتکێش و هێزە ئازادیخوازەکان لە لایەکی تر دەچێتە قۆناغیکی ترەوە کە زۆر جیاوازتر لە دەورەی هەڤدە سالی رابردووی دەسەلاتی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکاتەوە. دیارە یەکێتی و پارتی بەهیچ شێوەیەک دەسەلاتی سیاسی خۆیان لە کوردستان ئالوگۆر پێ ناکەن، نایانەوێ ئالوگۆری رێشەی لە ژیانی

سیاسی و ئابووری و کۆمولایەتی خەلکی کوردستان پێک بهێنن و مافە مەدەنی و سیاسیەکان خەلکی کوردستان بەرەسمی بناسن. زۆر بە ئاشکراتر لە جاران لە بەرامبەر داواکاریەکانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان رادەوەستنەوە، رێگری زۆر لەبەردەم هەر جولانەویەکی ئازادیخوازانە دورست دەکەن و پەرە بە فەرهەنگی کۆنەپەرستی و دواکەوتوانوی ناو کۆمەل دەدەن.
کۆمەلانی خەلکی کوردستانیش ئێستا باوەریان بە یەکتی و پارتی و پەرلەمانی کوردستان نەماوە کە بتوانن حکومەتێکی مەدەنی و دیموکراسی پێك بهێنن تاکو مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانیان لەو حکومەتەدا بەدەست بهێنن.هەتا دورست بوون و لێک جیابوونەوەی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیش لەژێر کاریگەری ئەو ئالوگۆرە سیاسی و ئابووریە کەلە کوردستان دەچێتە پێشەوە، کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ رزگار بوونیان لە ژێر باری ئەم زولم و چەوساندنەوەیە دەبێت هەولی رێگاچارەیەکی سیاسی و عەمەلی تردابن کە بتوانن مافی ئازادی و یەکسانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بۆ هەموان دابین بکات.بۆئەوەش دەبێت لە هەولی پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاری و جەماوریەکان بن لە شوێنی کارو ژیاندا، کۆمەلانی خەلکی کوردستان ئەگەر یەک پارچەو یەکگرتوو نێنە مەیدان و مافەکانی خۆیان بە رۆشنی لەو رێکخراوانەدا رانەگەیێنن و داوای نەکەن ناتوانن لەدەورەی داهاتوشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن،هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان سەرەرای جیاوازی فکری و سیاسیان لە بەرامبەر داخوازیەکانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان لە چەند سالی رابردوو یەک پارچە راوەستاونەتەوە. کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێشیش دەبێت ئەوە بزانن بەبێ یەکێتی و هاوپشتی زۆربەی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێش لە کوردستان و پشتیوانی نێونەتەوەی ناتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن.

بەختیار سامی     2008/12/8